# دیالەکتیکی مێینەیی لەئەفسانەدا
# تۆژەرانی ئەفسانە،و تر س لە ژنان ( جینۆفۆبیا)

و/کامیل محەمەد قەرەداغی

تۆژەرانی ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی فەیلەسوف و لێکۆڵەرانی رۆژئاوایین و سەر بەسیستەمگەلێکی کەلتورین کە ئەو سیستەمانە تایبەتمەندیو جیاکەرەوەیی و مەرجەعیەت و ڕەگو کاریگەریی ناسراوو دیاری خۆیانیان هەیە.

زۆری لێکۆڵینەوەو پرۆژە کلتوریو هزریەکانیش لە رۆژئاوا( وەك دەزانین) دامەزراوێك یان لایەنێك، یان پەیمانگەیەك لەبەرژەوەندیی هەڵوێستێکی هزرمەندانە، یان سیاسیانە، یان ئابوریيانە، یان مرۆیی دیاریکراو سەرپەرشتییان دەکەن و خەرجیەکەیان دابین دەکەن.

بۆیە هەردەبێ ئەنجامی توێژینەوەی ئەو تۆژەرانەی کە سەر بەو کەلتورو مەرجەعانەن، لەگەڵ هەوڵو کارەکانیشیاندا بکەونە ژێر کاریگەریی نهێنی، یان چەند تێزێکی ڕاگەیاندراو، یان ( نەستی )یەوەکە ڕەوگەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانیان و دەرهێنانی پوختەو بەرەنجامەکانیان جڵەو دەکەن و مۆرکی تایبەتیان پێدەبەخشن.. لەسەردەمە شارستانییە بەراییەکانی قۆناغە مێژوییەکان و پێش ئەو قۆناغەش، لەپاش پێلەقکردنی دایکسالاری لە پێگەکانی خۆی، چەندان هەوڵ و کردە لەلایەن تۆمارکاران و نوسەران و مێژونوسانەوە بۆ سڕینەوەی شوێنەواری ئەو سەردەمانە دراوە، کە گوایە تیایاندا سەروەری بەدەست دایکەوە بووە . تەنانەت هەندێ لە تۆژەران جاڕی ئەوەیان داوە گوایە بابەتی دایکسالاری تەنها وەهمێکە هەندێ نوسەر دروستیان کردووەو هیچ بنەمایەکی بابەتی پاڵپشتی نیە . ئەزمونی شارستانی (مینۆیی)کریت و(شاعت)ی رۆژئاوایان فەرامۆش کردووە، کە (زۆربەی لێکۆڵینەوە بیانیەکان پشت بەو سەرچاوانە دەبەستن کە فەلسەفەو ئەدەبی ئەمەی دواییان بەرهەمی هێناوە). شاعت جۆرە بۆچونێکە دوژمنایەتی ڕون و ئاشکرای ژنانی تێدایە، سەرچاوەی ئەو دوژمنایەتیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترسە سروتئامێزەی لە ژن هەیەو هەندێ ئەفسانەو ئەدەب و هونەری میللی لە ئەنجامی بونی پەیوەندی ژن بە سروشتەوەو تەماهی کردنی بایۆلۆژیانەی ڕۆڵی ژن لەگەڵ سروشتدا، وەك ترسێکی هەڕەمەکیانە بەرپایان کردووە، بەڵام لەلایەن کەلتورە باڵا دەستەکانەوە کراوە بە ترسێکی بەهانە دارو پرۆگرام کراو،و ناکۆکیو گوێ پێنەدان و پەیوەندیو جیابونەوەو ئالودەو دژایەتییەك لە هەڵوێستی گشتیدا ڕویدا کەلەو سەرەوە بو بەهۆی نەهێشتنەوەی ئامادەیی ژنان و لادانی ئیحتیواکردنی لەناو سەنتەر بەندیی پیاوداو، بەرێوەبردنی بەچەند ئیرادەیەکی زاڵ کە ئامۆژگاریو گوتارەکان بۆی دیاری دەکەن. ئەوەبو لە چاخەکانی ناوەڕاست دا لە رۆژئاوا بزوتنەوەی لاهوتی و باڵادەستیەکانی ئەو دەرکەوتن، ئەو بزوتنەوەیەش پشتگیری لەوبۆچونانەی دەربارەی ژنان دەکرد کە بونەوەرێکی پیس و خراپەکارین. نوسینەکانی پیاوە ئاینیەکان ژنیان بە ( کرێگرتەی شەیتان) دانا. یان بەتەڵەزمبازێك کە جادوی ڕەش بکات، یان بکوژو جنۆکە بێت و سیحر لە پیاوان بکات و بیانکوژێت، یان قەڵاو شارەکان ئاگر بدات و بەتوانا بێسنورەکانی خۆی پەتاو کارەسات بڵاو بکاتەوە.

ئەم بۆچونی (شاعت)ە خۆی گرت و ترسێکی دەمارگیریانەی ترسناکی وا لە ژنان بڵاو بۆوە، کەبەسەر زۆربەی ئەدەب و هونەرو فەلسەفەی بەرهەمی کەلتوری رۆژئاواییدا زاڵ بو، زۆربەشیان پشتیان بە ئەفسانەکانی گریك و رۆمان دەبەست و سەرچاوەکانیان دەبردەوە سەر ئەوان، بەتایبەتیش بۆسەر ئەو نەزعە فیساگۆرسیەی کە هەر

دژایەتیی ژنانی دەکرد، ئەمە جگە لە کارتێکەرەکانی ئاینی جولەکەو ڕێو ڕەسمە نهێنیەکانی (قابال)تا دەگات بە تێزە لاهوتیە فەلەییەکان‌و هەڵوێستی گومانکارانەی کلێسا کەلە چاخە ناوینەکاندا گەشتبوە ئاستی ئەوەی زۆربەی بەرهەمە لاهوتیەکان بکەن بە تاوانبار،و بە ئامۆژگاری‌و گوتاری ئاینی بانگەشەی ئەم کارەیان دەکرد. کەچی دۆزینەوەی چاپ‌و چاپکردن هەلی بلاو بونەوەو پەرەسەندنی پتری بۆ ئەم جۆرە هزرە ڕەخساند. ئەمەش وای کرد کە هەڵوێستەکانی نەیار بە ژنان قوڵتر ببنەوە، بەتایبەتیش لەو ناوەندانەدا کەلە ژێر کاریگەریی بونیادی باوکسالاریانەی جولەکەدا بون.

کتێبی ( جینۆفۆبیا-یان ترس لە ژنان ) ساڵی 1970 لە پاریس بە پێنوسی(و.لدرێر) بلاو بۆوە. ئەم کتێبە لە هەندێکی لاپەڕەکانیدا باس لە کۆمەڵە هەڵوێستێك دەکات کەلە چاخی ڕۆمانسیدا باوبوو تێیدا ڕێز لە ژنان دەگیراو بە پیرۆز سەیر دەکران، مێینەیی هەمیشەیی (ئەبەدی)سروشی بە زۆر داهێنەرو شاعیری مەزنی وەك (دانتی،و لامارتین،و گۆتە) بەخشیبو، تەنانەت گۆتە دەڵێت ( ئەوە مێینەیی هەمیەشەییە بەرەو بەرزی بڵندمان دەکاتەوە) بلاو بونەوەی ئەبستمۆلۆژیا لە ڕێگەی چاپەوە یارمەتی بلاو بونەوەی ئەو ترسەی دا لە ژنان هەبو، چونکە زۆر کەس توانیان سەیری ئەفسانە کۆنەکان‌و کتێبە لاهوتیە توند ڕەوەکان‌و ئەو کارە ئەدەبیانەش بکەن کە دژایەتی‌و ڕقیان بەرامبەر بە ڕەگەزی مرۆیی‌و بەتایبەتیش ژنان هەبوو، وەك کارەکانی (مارکیز دی ساد) لەوەدەچێ ئەفسانەی (میدیا) ئەو ژنەی کە کوڕەکانی خۆی دەکوژێ، نمونەی ئەو دایکە دڕندەیەبێ کە (ئەکالی)ی خواوەندی هیندۆسی (دایکی ژیان) ڕوبەڕوی دەبێتەوە،و بەردەوامیی میدیا، بەردەوامیی بلاو بونەوەی چاوە قوڵەو برسێتی‌و شەڕە، ئەفسانەی ژنانی ئەمازۆنیش لە پاڵ میدیاوە، ئەوەیە ئەمانیش گۆشتی مرۆڤ دەخۆن.

ئەم ترس‌و هێماو ئارەزووی نەهێشتن‌و بنەبڕکردنی ژنانە بەسەر زۆر چاخدا باڵی کێشا، لە چاخە ناوینە تاریکەکانەوە دەست پێدەکات‌و بە کۆتایی هاتنی سەدەی بیست کۆتایی نایەت.

فەلسەفەی ڕۆژئاوایی پیاوی لە نمونەی مرۆڤی (ئەپۆلۆیی هەتاویی)دا پێشکەش کرد. واتە دایە پاڵ(ئەپۆلۆ)ی عەقلانی‌و ڕون، بەلام ژنی دایە پاڵ( دیۆنیسیۆس)ی پەیوەندیدار بە چێژو غەریزەو زاڵیی نەستەوە.

بە زۆربونی ئەو کارە ئەدەبی‌و هونەریانەی کە وێنەی شەیتانیانەی ترسناکی ژن دەچەسپێنن، ترسی ڕۆژ ئاوا لە ژن زۆرتر بو. بەلام ڕۆژئاوایی لە ترس‌و نیگەرانییەکدا مایەوە کە ترس‌و ئارەزوو تاوی دەدان، چونکە ژنان بەپلەی یەکەم لێرەدا وێستگەی خواست‌و ئارەزووی پیاوان‌و هەر ژنان دەتوانن پیاوەتی‌و هێزی سێکسی پیاوان جڵەو بکەن. بەو مانایەی ئەوان( واتە ژن) لە هەمان کاتدا خوازراوو ترسێنەریشن، ئەمەش هانی بلاو بونەوەی دەق‌و ئەدەبیاتێك دەدات کە بیرۆکەی دڕندەیی ژن‌و توانای ژن بۆ تێکدانی ئەو پیاوانە دەچەسپێنێ کە دەکەونە ژێر کاریگەریی سیحرو هێزە سروشتیە تێکدەرەکانیانەوە.

کارە ئەدەبیەکانی چاخەکانی ناوەڕاست ڕەوشی، مەترسی داری مێینەیان لەسەر ئەو پێگەیە وروژاند کە ژن دەستی لەگەڵ سروشتدا تێکەڵەو لە ڕێگەی سیحرو پەیوەندی بەستنی نهێنی بەهێزەکانی سروشتەوە نهێنیەکانی ژیان‌و مردن‌و چاکبونەوە دەزانن، لەمەیاندا پشت بە نمونەی( حەوای ناو تەورات) دەبەستن کە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئادەم بەبەری دارێکی حەرامکراو هاوکاری مارێکی کرد، یان پشت بە باندۆرای گریکی دەبەستن کە لەو کاتەوەی سەری گۆزەکەی لاداوە گوناهو خراپەکاری‌و پەتا هەمو جیهانی گرتۆتەوە.

زۆری نوسەران‌و هەندێکی فەیلەسوفەکان نیازیان بە گەڕان هەبوە بەدوای هۆکارەکانی ئەو بەڵاو گرفت‌و کارەساتانەی  کە مرۆڤایەتییان گرتۆتەوە، سەرەتای ئەو بەڵایانە لە دەست دانی بەهەشتە، بۆیان دەرکەوتوە کە ئەو خۆشەویست‌و ترسناکە، ئەو ڕەقیب‌و دوژمنە(ژن) ئەو بونەوەرەیە تاوانی هەمو ئەو بەڵایانەی دەکەوێتە سەرشان .

پاشان کارە ئەدەبی‌و نوسینەکانی قەشە ناسراوەکانی وەك قەشە ئۆگستین،و قەشە ئەمبرۆسیۆس،و کارەکانی تەرتۆلیان‌و ڕێو ڕەسمەکانی قەشە تۆمای ئەکوینی‌و زۆریتر بەدوای یەکدا هاتن، کە بۆ چەندان سەدە بەسەر هزری رۆژئاوادا زاڵ بون.

هەموو ئەو کارو توێژینەوە رۆژئاواییانەش کەلەسەر ئەفسانە کران کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم کەلەپورە گەورەیەی دژ بە ژنان. لەوێوە داستان‌و ئەفسانەکان بەپێی دەستهات‌و تەقلیدەکانی ئەم کەلەپوورە کەڵەکەبوەی دژایەتیی سەرسەختی ژنان‌و بەتاوانبار سەیرکردنەیان بوە.

ئەم گریمانە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین زۆری ئەو دەستهات‌و بۆچونانەی لێکۆڵینەوەی سەر ئەفسانە مرۆییەکانیان پێکراوە، بەشێوەیەك کەوتونەتە ژێر کاریگەریی دیاردەی جینۆفۆبیاوە. تەنانەت لێکۆڵەرەوە عەرەبەکانی بواری کەلەپورو ئەفسانەو داستان، کەلەکەلەپوری میاندوئاویان کۆڵیوەتەوە، ئەوانیش بە شێوەیەکی گشتی پشتیان بە چەند سەرچاوەیەك بەستوە کە خڵتەی جینۆفۆبیاو توند ڕەویی جولەکەو لاهوتی فەڵەییان سەبارەت بە ژنان تێدایە. بە تایبەتیش لەبەرهەمەکانی چاخی ڕێنیسانس‌و پاشتردا کە بابەتی ( کۆتایی– قیامەت) سەرمەشقی بیریارو ئەدیبانی بووە. ئەمەش وای لەو نوسەرانە کردوە کە بونی باری ترسێك لە شەیتان ڕابگەینن بۆیە چەند لێکۆڵینەوەیەك دەرکەوتن هەر لەسەر ئیبلیس بون، لەمانەشدا ژن هەروەك سیخوڕی هەمیشەیی شەیتان دەرکەوت‌و هونەری شێوەکاریش هەروا وێنەی کێشا.ڕۆمان‌و چیرۆکەکانیش بەشێوەیەکی پوچگەرایی درێژدادڕ کەوتنە گێڕانەوەی خراپەکاریی‌و درندەییەکانی، بەبێ ئەوەی کە کەس ئەوەی بەبیردا بێت کە ئەوان خۆیان لەگەڵ ژندا لەو خراپەکاریەدا بەشدارن، ئەوانن لەگەڵ ژندا لە ڕێگەی خۆشەویستی‌و نزیك کەوتنەوەو خزمایەتیەوە درێژە بەم جیهانە دەدەن، نەك لە ڕێگەی وێرانکاریەوە.

(ئینۆمائیلیش :– گەردون لە جەستەی تیامات دروست کراوە)

(ئینۆ مائیلیش– یان داستانی خەلیقەی بابلی) کە یەکێکە لە گرنگترین داستانەکانی خەلیقەت، دەڵێ گەردون لە جەستەی یەکەم دایك (تیامات) دروست بوە کە خانمی ئاو سوێرە پاراوەکان بوە. ئەم داستانە لەگەڵ زۆر ئەفسانەی گەلانی تردا هاوبەشە، لەوانەی کە کەلتورە بەراییەکەیان لە سەر بیرۆکەی بونی کەسێتی (یەکەم دایك)ەو ئەوکەسێتیە لەو ئاوە ئەزەلیەدا دەبینن کە یەکەم هەنگاوی پێکهاتن‌و دروست بون لە شێوان‌و ناکۆتایی بونی ئەوەوە دەست پێدەکات‌و ئامادەییەکی نێرینەیی تەواوکەریش بەشداری لە پرۆسەی دەرکەوتنەکەدا دەکات.

بە تێپەڕبونی کات‌و بەدوای یەکدا هاتنی وەچەکاندا کۆمەڵە ململانەیەکی سەخت‌و خوێناوی بۆ ڕوخاندنی سەروەریی دایك‌و لەکارلادانی نوێنەرەکانی لە شوێنە باشەکان دەست پێدەکات، کوڕو وەچە نێرینەکان ئەم ململانە سەخت‌و ترسناکانە بەڕێوە دەبەن، ئەوانەی حەز دەکەن جڵەوی دەستەڵاتی جیهانە کۆنەکە بگرنە دەست.

گەیشتن بە هەڕەمی دەستەڵاتیش لای ئەمانە بە تاکە شێوازێك نابێ، بەڵکو ئامرازو شێوازەکان جۆراوجۆرن، وەك تۆمەت پێکردنی دایە گەورە، یان نانەوەو دروست کردنی تەڵەزگە بۆ ژن، یان جاڕ دانی ململانەیەکی

خوێنـاوی ڕاسـتەوخۆ کـە وا لـە دایکەیەکەمـەکان بکـات پاشەکشـە بکەنـە پشـتی پـەردەی دیمەنەکانـەوەو لـە ئامادەییە کاراکەیاندا نەیانهێڵن، تاوێك دان بە ڕۆڵیاندا نانرێ،و تاوێکی تر لە ناو خولگەی باڵا دەستی ئەوی تردا، ئەوی زاڵدا، باسی دەکرێ.

بەمەش چاخەکانی دایکسالاری تێکشکان. پاش دیار نەمانی ئەو کەلتورێك دەرکەوت لە خۆویستیدا توندڕەو بو، تاکڕەو بو. خەسڵەتی (سلبیبون)ی دەدایە پاڵ هەر شتێك کەلەلای کەسێتیە ئەفسانەیی‌و ئەدەبیەکان، یان لە دەقەکانی هونەری میللیدا نوێنەرایەتی مێینەیی کردبایە. ئەمەش وا دەخوازێت کە هەر حوکمێك لە ژێر فشاری ئەم کاریگەرییانەدا درابێت پێویست بکات پێیدا بچینەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین.

*داسـتانی ئینۆمـائیلیش دەڵـێ جیهـان لـە جەسـتەی تیامـات پێکهـاتوە، پـاش ئـەوەی کـە کوشـتویانە لـە ئەندامـەکانی لەشـی ئـەو، شـوێنەکانی گـەردون دروسـت کـراوە. ئـەو ئەفسـانەیە کەلـە حـەوت پلێـت پێکهـاتوە، ئامادەیی تیامات سێبەش لە چوار بەشی پێکدەهێنێ.

بیرۆکـەی ئەفسـانەکانی ئەفرانـدنی گـەردون (Cosmogony)لەسـەر بابـەتی کۆزمۆگرافیـا، واتـە لەسـەر جوگرافیـای گـەردونی ڕادەوەسـتێ، ئـەو جوگرافیایـەی کەلـە ئەندامـەکانی جەسـتەی مرۆڤـدا تـەماهی دەکـات‌و جەستە لەزەمەنی ڕەهادا دەبێتە ناوەندی هـەموو جوڵـەو تیشـکدانەوەو نـوێ بونەوەیـەك. بەپێی ئـەم بیرۆکەیـەش مانـای وایـە ناوچـەکانی گـەردون لـە ئەنـدامانی جەسـتە داتاشـراون هـەر ئەندامـەو بـەپێی ئـەرکی خۆی،ولەسـەر بنـەمای پەیوەندیـە ئەزەلیەکـەی نێـوان مێینـەو سروشـت. بەیتـە شـیعرییە بەراییـەکانی داسـتانی ئینۆمـائیلیش پەنجە بۆ بونی ڕەگـەزێکی یەکـەمی درێـژ دەکـەن کـە ئـەویش (ئابسـو)ە، واتـە ئەشـکەوتی ئـاوە شـیرینەکانە، واتـە ئاوی ژێر زەوییە، لەگەڵ ڕەگەزێکی تردا کە ئەویش (تیامـات-ئـاوە سـوێرەکانە)و ڕچـەکانی ژیـانی لێهەڵدەقوڵێ. بە تێکـەڵبونی ئاوەسوێرەکان( تیامـات)و ئـاوە شـیرینەکان (ئابسـو) تـەمێکی ئـاوی دروسـت دەبـێ، پێـی دەوترێ (مـەمۆ) کـە قەبارەیـەکی هیـولیی نادیـاریکراوو نـاجێگیرە. ڕەنگـە لـە تێکـەڵبونی مێینـەیی(تیامـات)و نێرینـەیی (ئابسـو)بارێـك لـە ئـارامگرتنی هەمیشـەیی‌و بێـدەنگی زاڵ هاتبێتـە ئـاراوەو پـێش ئـەوەی هەرشـتێکی تریـان لێ دروست بوبێ، یان یەکێکیان لەوی تریان جیابوبێتەوە، ئەو بارە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا بێ. پاش ماوەیەك ئەم ئاوانە شێوان‌و هەڵچون‌و بارێکی زاوزێ دەرکـەوت‌و لـە تێکـەڵبونی دوو ئاوەکـەوە دوو بونـەوەرە نوێیەکـەی وەچەی ئاو دروست بون (لاخەمۆ)و(لاخامۆ). بە لەدایکبونی ئەم دووانە ئاوەکان شێوان ئەمجا چەندان باری یەك لەدوای یەکی ئارامی‌و هەڵچون‌و خامۆشی‌و بەریەککەتنیان بەخۆیانەوە بینی،و لە پاش قۆناغێکی ئارامی ترو دەرکەوتنی جێگیریی ڕەها، لە یەکگرتنی لاخامۆو لاخەمۆ (ئەنشارو کیشار) لە دایك بون‌و لە پاش چەندان ساڵی بێشومار ئەم دوانەش لـە خواوەنـدی بابلیی پەرستراو کوڕێکیان بو، ناویان نـا (ئـانو)و بو بـە پاشـای ئاسمان‌و ئەویش کوڕێکی بو کە (ئییا)یە، یان (ئینکی)یی خواوەندیی حیکمەت‌و مەعریفەو ئاوی شیرینە.

کاتێك کە بەم شێوەیە کوڕو کوڕەزاکان زۆربون، پێویستی کرد پشێوییەك لـەباری دروستبونە سـەرەتاییەکەدا ڕوبدات‌و چالاکی‌و جوڵەی ئەو گەنجانە لەبەرامبەر جێگیریی‌و ڕەهای ئاوە ئەزەلیەکان بکەونەکار.

ئەوەبوو ئەو لاوانە ئاژاوەیەکیان دۆزیەوەو بە چالاکیەکەی خۆیان ئاشوبێکیان لێ نایەوەو روناکی‌و بشێویان خستە ناو ئەوجیهانە ئارام‌و خامۆشە کۆنەکەوە کە ( ئابسوو تیامات) تێیدا ئارامیان گرتبو.

لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان هەردو بارەکەی ئارامی‌و بشێوییەوە، یەکەم ململانەی نێوان وەچەکان پەیدا بو، وەچـەی باوکـانی جێنشـین‌و ئـارامگرتو، لەگـەڵ وەچـەی چالاك‌و نائـارام. ئەمـەش ئابسـوی بێـزار کـرد، بۆیـە بـە توڕییەوە کەوتە خۆی بۆ جڵەوکردنی هەڵوێستەکەو گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ جیهانە کۆنەکەی خۆی، پاش ئەوەی

لاوان هێزێکی نوێ چوه گیانیان‌و شکۆیەکیان بەدەستهێنا کە ماوەیەکی زۆر هەربۆ (ئابسۆ)ی باوك‌و (تیامات)ی دایك قۆرخ بو، خستیانە بەر هەڕەشە. قەسیدەکە دەڵێ ئابسۆی باوك مەمۆی ڕاوێژکاریی خۆیی بانگ کردووەو بەیەکەوە چون بۆلای (تیامات)ی دایە گەورە بۆ ئەوەی سەبارەت بە ڕۆڵە بێزارکەرەکانیان ڕاوێژی پێ بکەن.

ئابسو وتی :– لەبەر ئەوەی ئەوان بێزاریان کردوم‌و پشوویان نەهێشتوم منیش دەمەوێ قەلاچۆیان بکەم‌و جوڵەیان لێ ببڕم بۆ ئەوەی ئارامیەك بێنمە ئاراوە خەومان لێبکەوێ. بەمشێوەیە ئەفسانەکە بەهانەیەك بۆ باوکەکە دروست دەکات کە ئارەزو بکات کوڕەکانی لەناو ببات، ئەو کوڕانەی کەوتونەتە هەڵگەڕانەوە لە دەستەڵاتەکەی‌و بە ئاژاوەگێڕی‌و بزێویەکەیان ڕێزی لێناگرن‌و لە جیهانێکی زیندوو بزۆك‌و نوێبوەوەدان، بەهانەکە بێماناو قایلکار دێتە پێشچاو. یەکەم دایکیش (تیامات) ئەو پەڕی توڕ بون تورە دەبێت‌و داخی ناو دڵی تەنگی خۆی هەڵدەڕژێ‌و دەقیژێنێتە مێردەکەی

–ئەوانە بۆخۆمان دروستمان کردون، بۆچی قەلاچۆیان بکەین،بۆچی ئەوانە بکوژین کە خۆمان ژیانمان پێ بەخشیون؟ ئەگەر بێزاریشمان بکەن ئێمە دەبێ نەرم بین لەگەڵیان.

بەم لۆژیکە دایکاتیە بەسۆزو عەقلانیەو بەم هاوارە مێینەییەی دژ بە لۆژیکی مەرگ‌و کوشتن یەکەم تێڕامان‌و یەکەم پرسیار لە پێناوی ژیان‌و بەردەوامیی ژیاندا بەرزکرایەوە. (بۆچی لەپێناوی ئاسودەیی‌و دەستەڵاتی خۆماندا ڕۆڵەکان قەلاچۆ بکەین؟) لەم چرکە ساتە ئەفسانەییەدا کە وەرچەرخانێك لە هەڵوێستی دایکایەتیدا دەنوێنێ، ناکۆکیی یەکەم دەرکەوت ڕەگی ململانەیەکی نهێنی دەرکەوت لە نێوان ئەو مێینەی ڕۆڵەکانی خستۆتەوەو ئەو باوکەی کە لەوە دەترسێ ڕۆڵەکان لێی هەڵبگەڕێنەوە. ڕۆڵەکان زیندەگانیی مێینە دەنوێنن، ئەویش لە پێناوی بەردەوامی ژیاندا پشتیوانیان لێدەکات. باوکیش نیازی کوشتنی هەیە، بەبیانوی پاراستنی هێمنی‌و ئارامی‌و لە پێناوی دەستەڵاتدا.

ئابسو گوێی بە تانوتەکەی تیامات نەداو بەبیانوی گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ شوێنە باڵاکان بڕیاری دا درێژە بەقەلاچۆکردنی وەچەی خۆی بدات. ئەمەش مانای ئارەزوی ئابسوە بۆ لە ڕەگ دەرهێنانی هەر جوڵەو کردەیەك. بۆ وەستاندنی هەر گۆڕان‌و وەرچەرخانێك لەو بارە سەرەتاییە سستەی کە ئارامی گرتوە، بۆیە کەوتە جێبەجێکردنی پلانەکەی بۆ پاراستنی عەرش‌و دەستەڵاتی خۆی بۆ ئەوەی وەك فەرمانڕەوای ئاوە ئەزەلیەکان بمێنێتەوە.

بە ڕێگایەکی ناڕون کە ئەفسانەکە ڕونی کردۆتەوە، کوڕەکان دەزانن باوکەکە نیازی چیەو بەپلانەکەی دەزانن کە بۆ کوشتنی ئەوانی داناوە، بۆیە بڕیار دەدەن ڕوبەڕوی ببنەوە.

کوڕەکان لە کەسێتی (ئییا)ی خوای مەعریفەو حیکمەتدا ئارەزوی بەدەستهێنانی دەستەڵات دەبینن،بۆیە هێزێکی وای تێدا دروست دەکەن کە بتوانێت بەهۆیەوە ڕوبەڕوی هێزو سەختیەکەی باوك ببێتەوە.

ئییاش دێ ئەو دوعا سیحریە دەخوێنێ کە بەهۆیەوە براکانی ناهێڵێت‌و جوڵەی ئابسوی باوکیشی پەك دەخات. کاتێك کە ئابسو خۆی دەداتە بەر ئەو خەوە قوڵەی کە دوعاکەی ئییا لێیخستووە، وەك مردوی لێدێت، ئییاش تاج‌و کەشکەشەی خواوەندییەکەی لێ دەکاتەوەو دەیانکاتە سەروبەری خۆی‌و ئەمجا دەیکوژێ. جڵەوی دەستەڵاتی بەسەر ئەشکەوتی ئاوە شیرینەکاندا دەکێشێ‌و ماڵی لەسەر دروست دەکات‌و جاڕ دەدات کە جڵەوی دابەش کردنی چارەنوسی ئاوەکانی خستۆتە ژێر دەستەڵاتی خۆی‌و حیکمەتی خۆی.

ئەم یەکەم سەربردەی خوێناوییە لە ئەفسانەی خەلیقەتدا، یەکەم تاوانی کوشتنی باوکی ناو ئەفسانە عێراقیە کۆنەکانە، بەڵام وەك ڕێبازی فرۆیدی بۆ ئەوە ڕوینەداوە کە کوڕ خۆی بەتەنیا سۆزو خۆشەویستی دایکی ببات بۆ خۆی، بەڵکو بۆ مەبەستێکی تر کراوە، ئەویش گەشتنە بەدەستەڵات.

کاتێك خواوەندی (ئیبیا) کوڕێکی دەبێ و کوڕەکەشی خواوەندی (مەردۆخ)ی فرەتواناو هێز دەبێ، مەردۆخی خواوەندی لاو حەز دەکات سەر کێشییەك بکات بۆ ئەوەی پلێتی چارەنوسەکان بەدەست بهێنێت، ئەو پلێتە وای لێدەکات دەستەڵاتی هەمو جیهان بەدەستەوە بگرێ.

لێرەدا ئەفسانەکە دەڵێ کاتێك کە خواوەندە کۆنەکان لەوەترسان بە ئارەزوی بکوژێکی ترلە کوڕەکانی خۆیان پلەو پایەیان کەوتبێتە بەر هەڕەشە. لەلای تیمات کۆبونەتەوەو کەوتونەتە هاندان و وروژاندنی ئەو بۆ ئەوەی تۆڵە لە بکوژانی (ئابسو)ی مێردی بکاتەوەو پێیان وتوە:-

-تۆ بەرامبەر بەو تاوانە بێدەنگ بویت و دەبێ تۆڵە لە بکوژان بکەیتەوە.

بەپێی هۆکارو لۆژیکی ڕوداوەکان من وا دەزانم کە دەست و پێوەندەکانی مەردۆخ بون ئەو ڕۆڵەیان بینیوە بۆ هەوڵدان بۆ توڕەکردنی دایك و هاندانی بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی ئەو کوڕانەی کە ئابسوی باوکیان کوشتوە، بۆ ئەوەی مەردۆخ بەهانەو پاڵنەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەرچی دەستەڵاتێك لە دەستی ئەم دایکەدایە کە هەموویانی هێناوەتە بون، لێی بسەنێ.

دەقەکە دەڵێ کاتێك تیامات سەیری کردووە کوڕەکانی هەڵچون و هەڵگەڕانەوەیان زۆربوەو ئارەزوی دەستەڵات دەکەن، توڕەبوەو هەڵچوە، هاتوە بەسەر کردایەتی خواوەندی (کەنکۆ)، واتە ئەو خواوەندەی کەلەپاش کوشتنی ئابسوەوە بەمێردی خۆیی هەڵبژارد، سوپایەکی ترسناکی لە مارو دوپشك و مەسخەکان دروست کرد. پلێتی چارەنوسەکانی بە سنگی کەنکۆوە هەڵواسی، بۆ ئەوەی دەستەڵاتی ڕەهای پێ ببەخشێت و بتوانێت( تیامات) خۆی و دەستەڵاتە ئاویەکانیشی بپارێزێت.

هەوڵەکانی مەردوخیش بۆ ئەوە بون لەناو جیهانی سنورداری خواوەندە کۆنەکاندا دەست بەسەر هەمو شتێکدا بگرێ، بۆیە زۆر بە کارامانە یاریەکەی بەڕێوە برد.هات بە لاوە کەللە گەرمەکانی وت تیامات نیازی وایە شەڕی ئێوە بکات  ئەوانیش (ئیبیا) ی باوکی خۆکوژیان نارد ڕوبەڕوی ببێتەوە، کەچی بە ترسەوە گەڕایەوە، لە توڕەیی و سوپا ترسناکەکەی ترسا ئەمجا ئانوو یان بۆ نارد، ئەویش کەگەڕایەوە زیرەی کردبو، توانای ڕوبەڕوبونەوەی نەبو.

لێرەدا مەردۆخی خاوەن توانای بێوێنە دێتە پێشەوەو ئەو پێشنیارە پەسەند دەکات کە پێی دەڵێن سەرکردایەتی سوپایەك بکات بۆ شەڕ کردن لە دژی تیامات کە خۆی و مێردەکەی بەهۆی پلێتی چارەنوسەکانەوە حوکمی جیهان دەکەن. مەردۆخ مەرجی ئەوەیان لەگەڵ دەکات پێشەکی هەمو ئیمتیازێك و دەستەڵاتێکی پادشایی ناوازەی بدەنێ و پلێتی چارەنوسەکانیش بۆ خۆی ببات. بۆ ئەوەی ببێت بەسەرۆکی جیهان. ئەوانیش هێندەیان پێکرا (ئەنشار)یان لە شکۆ داریەکەی دابەزاندو دەستەڵاتەکەیان بەخشی بە مەردۆخ و مەردۆخیش ڕوی لەشەڕی تیامات و کەنکۆی مێردی کرد، و بە تیاماتی وت :-

-بۆچی کەنکۆت لە پایەی خواوەندی بێوێنەدا داناوەو لە دژی (ئەنشار)ی باوکم ئەوت کردوە بە مێردی خۆت؟ خۆت بۆ شەڕی من ئامادە بکە، تۆ ژیانمانت هێناوەتە لەرزە.

بەمشێوەیە مەردۆخ ئارەزووی کوشتنی لە (ئیبیا)ی باوکیەوە بە میرات وەرگرت. ئیبیا، ئابسوی یەکەم باوکی کوشت و ئەویش یەکەم دایکی کوشت کە سەردەمێکی زۆر جڵەوی دەستەڵاتی باڵای بە دەستەوە بوە، ئەفسانەکە

نالّیَ ئەو سەردەمە چەند بوە، بەلاّم ماوەی تەمەنی چەند وەچەیەك درێژەی كێشاوە پاش ئەوەی مەردۆخ سەركەوت و كەنكۆی زیندانی كردو پلێتی چارەنوسەكانی لێسەند، جیهانی ڕێكخست و سیستمی ئاسمان و ئەستێرەو رۆژو مانگ و ساڵی داناو ڕۆڵی خۆرو مانگ و ئەستێرەكانی دابەشكردو ئەو كردە گەورەیەی بەرامبەر بە دایك ئەنجام داو تۆڕێكی گەورەی فڕێدایە سەری و بەستیەوەو لەشی كرد بە دوو كەرتەوە. نیوەی یەكەمی كرد بە سەقفی ئاسمانەكان و نیوەی دووەمی كرد بە زەوییەك كە ئاوەكانی ژێر زەوییی پێداپۆشی لە لیكەكەشی بەفرو بەستەڵەك و هەوروبارانی دروست كرد،و سەریشی داڕشتەوەو شاخ و گردەكانی لیَ دروستكرد، چاوی ڕاستی كرد بە دیجلەو چاوی چەپیشی كرد بە فورات.هەردو مەمكی كرد بە گردو سەرگۆكانی كرد بە كانی، پاشان زەویی چەسپاندو پڕ ناوكرۆكی تیاماتی كرد لەگڵ بۆ ئەوەی بەیەكجاری مردنەكەی مسۆگەر بكات و جارێكی تر هەڵنەسێتەوەو مەردۆخ دەستەلاّتەكەی بۆ خۆی ببات.

ئەمجا خواوەندی كامڵی (ئیبیا)كە (كەنكۆ)ی بەجەمسەری خراپەكاریی نێوان خواوەندەكان دەزانی. هات لە خوێنەكەی كەنكۆ حیكمەتی وەرگرت و لەگەڵ گڵدا تێكەڵی كرد، مرۆڤی لیَ دروست كرد، ئیبیا ئەم كارەی بەفرمانی (نەنتۆ–یان–مامی)ی دایەی ئەفرێنەر ئەنجامدا. ئەو داوای لێكردبو حەوت جوت خشت دروست بكات، لە یەك كاتدا حەوتیان بكات بە میَ و حەوتیان بكات بە نێر. بەمشێوەیە لە خەیاڵی بابلیدا مرۆڤ لە خوێنی خواوەندێكی خراپەكارو لە گڵی زەوی دروست كرا،و لەیەك كاتیشدا ژن و پیاو بەیەكەوە دروست كران و كە ئەمەش تەواو بو (مامی) بڕیاری چارەنوسی هەردووكیانی دەركرد.

4–بەمشێوەیە گەردون لە جەستەی تیاماتی دایكە گەردونیەوە دەركەوتوە، مرۆڤیش لە خوێنی (كەنكۆ)ی مێردی و گڵیئەوخاكەوە پەیدا بووە كەلە پاش پەرتبونی جەستەیتیاماتەوە دروست بووە، لەمەوە ئەو مرۆڤە دەركەوت كەلە گڵەوە جەستەو، لە خوێنیخواوەندێكی كوژراوەوە ڕوحیان پێبەخشی.ئەمەش ئەو شتەیەكەمۆركیهەڵە گەڕیی هەتا هەتاییبە مرۆڤەوە دەلكێنیَ. دیارە مەبەست لە هەڵەگەڕییشەڕە، نەك ئەو هەڵگەڕییی خۆشەویستییەی كەئادەموحەوا كردیان، چونكە كەنكۆ سەركردەیەكیسوپایروحەكان بوو(تیامات)خولقاندبویو هەڵەگڕیی شەڕەكەی ئەویش لەگەڵ هەڵەگەڕیی ناو تەورات ناكۆكە، مەگەر وادابنێین كە بە تێڕوانینی وەچەی خواوەندە لاوەكان ئەوانەی چاویان بڕیبوە دەسەلاّت شوكردنی تیامات بە كەنكۆ هەڵگەڕییەكەیە.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە تێكەڵ كردنی گڵی زەوی و خوێنی خواوەندێكی هەڵەگەڕەوە هاتوە، لە ناخیدا پەشێوییەكیهەمیشەیی و نیگەرانییەك دروست بووە، بەجێی ناهێڵن. لەناوئەوانداململانەیەكیدرێژخایەن لەنێوان فەوتان و نەمری و لە نێوان مێینەیی و نێرینەییدا دروست بووە، بەم تۆوە ناكۆكەی كە جەمسەرە هاودژەكانی تێدایەو لەناو ناخی بونەوەری مرۆییدا جێگیر بوە، سەرهەڵدانی ئارەزوی خۆشەویستی و ژیان و ململانەی خۆشەویستی و حەزو بێزراندن و نزیك بونەوەو دابڕان و دیدارو جیابونەوەو ئالودەیی و ڕق وترس. هەمویان تا رۆژگاری ئەمڕۆو تا ئێستا پەیوەندیە مرۆییەكانی نێوان پیاوو ژن جڵەودەكەن.

5–لەمەوە كە ڕابورد دەردەكەویَ كە كوژرانی یەكەم باوك(ئابسو) لەلایەن كوڕەوە، بە هاندانی ئارەزوو كردنی دایك نەبووەو بەنیازی بەدەستهێنانیئەودەسەلاّتە بووە كەبەسەر هەموو سۆزو پەیوەستێكدا زاڵ دەبیَ و وا لە كوڕ دەكات دەستی بچێتە خوێنیباوكیو باوكیش پلانیتێكشكاندنی كوڕەكانی دابنێت، كەهەردوكیان لەڕەگەزێكن و ململانەكە لەپێناوی پلەوپایەی كۆشكەكەدادەبیَ.

دەستەڵات لەم ئەفسانەیەدا گرێ و سەرەداوی هەمووو ململانەکانەو بەدرێژایی هەموو سەردەمەکانیش گرێی ململانەکانی مرۆڤایەتی دەبێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆهەڵوێستی (ئابسو)ی یەکەم باوك دەبینین تەنها بەبۆچونی خۆیکاردەکات، ئەوەتا گرنگی بە ئەوبۆچونەی(تیامات) نادات کە قایل نەبوو کوڕەکان بکوژرێن و قیژانی بەڕویدا :-

-بۆچی ئەوانە قەلاچۆ بکەین کە خۆمان هێناومانەتە دنیاوە؟

ئابسوش هێندە ئارەزووی لە دەستەڵات هەبوو، دەبو پلانەکەی جێبەجێ بکات، چونکە ئەو کوڕوکوڕەزەکانیشی بەیەکەم جۆری موڵکیەتی خۆی دەزانێ، واتە مرۆڤ موڵکی مرۆڤی تربێ، بۆیە مافی ئەوەشی هەبوو بڕیاری ئەوە بدات چارەنوسیان مردن بێ، چونکە پلێتی چارەنوسەکانیشی هەیە، بۆیەکەئەو حوکمە چارەنوسسازە بەسەروەچەکانی خۆیدا دەدات ئەوە بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر ئەوەی کەژیان و ئیرادەی ئەوانیشی لەدەست دایە. بەومانایەی کە ئەوانیشی لە پلەی-شت-دا داناوە، کۆیلەی ئەون، مافی نەهێشتنیانی هەیە. واتە ئەوان-ئەوی‌دیکەی نەیار-ن، هەڕەشەن. لەو چرکەساتەوەی کە دەنگی ژیان فرامۆش کراو،بەڕێوەبردنی دەستەڵاتی مردن درایە دەستی ئابسو، ئیتر قوڵی ژیان پاشەکشەی کرد، دەنگی دایە گەورەش نوێنەری قوڵی ژیان بو، بۆیە ناڕەزاییەکانی ئەو گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە هەڵوێستەکەدا نەکرد. کاتێکیش کەئیبیا ئەوی کوشت.تیامات کەیلی خەمێکی قوڵ بوو، ئازاری سەختی ناکۆکیی کوڕەکەیو لە دەستدانی مێردەکەی.

لەوەدا کە کوڕە هەڵگەڕاوەکە دەسەڵاتی گرتە دەستو (مێرد-باوك)ە کەش بوو بە ڕابردوو پەیوەندی دایکەکەش بە ئایندەوە بچڕا چونکەکوڕەکە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ئەویشی ڕاگەیاند. کاتێك کەکوڕەکان زۆربون و پیاوەتییان بەوە کامڵ بوو کە هەریەکەیان هەوڵی دەدا دەسەڵات لە دایك وەربگرێت هەریەکە لای خۆیەوە بەرپرسیاری خۆی‌لە ئاستی‌پاراستنی کۆشکی دەستەڵاتدا ڕادەگەیاند بۆدەرباز بون لە باڵا دەستیەکی مەزنی نهێنیو جێگیر، کەلەناو کەسێتی دایکە خەمبارو بێ‌دەنگەکەی تەنیا کەوتو ناو خەمی خۆی مابوو. وەك ئەوەی کەمانەوەی دایك تاوانی باوك کوشتنەکەی (ئیبیا) بەبیری هەمووان بهێنێتەوە.

(تیامات)ی‌ئەفسانەیی دووجار کارەساتی ناپاکیی کوڕەکانی بینی :-

جارێکیان ئەوەبوو کە ئەو قیژەی ناڕەزاییەی ئەویان یادنەکەوتەوە کەلەپێناوی ئایندەی ئەواندا قیژاندی. جارێکی‌تریش ئەو قیژەیەی ئەویان فەرامۆش کردو پیلانێکیان بۆ ڕێکخست بۆئەوەی بەهۆیەوە شەڕ لە دژی ڕابگەیەنن، چونکە ئەویش خۆی بۆ تۆڵە سەندنەوەو لەناودانی بکوژی مێردەکەی سازدابوو، ئەوەشی هەر بە هاندانی (ژێر بەژێر)ی ئەوان کردبو،بۆئەوەی بتوانن بەیەکجاری دەستەڵاتەکەیی لێبسەنن،چونکە هێشتا چارەنوسی ئەوان لەژێر دەستی دەستەڵاتەکەی ئەودا بوو هەڕەشەی هەبو بۆسەریان.

دەرکەوتنی مەردۆخی‌خواوەندی‌بابلی نمونەیی دەرکەوتنی‌شێوازێکی نوێی‌خواوەندە خوێناویە توندو تیژەکان دەنوێنێ. ئەو، بەو کارەی کۆمەڵگەی خواوەندەکانی شەرمەزار کرد کەلە کۆمەڵەکەیان هاتەدەرەوەو وتی -:

-هەموو دەستەڵاتەکان ببەخشن بە من، پلێتی‌چارەنوسەکانیشم بدەنێ،لە (تیامات) دەتانپارێزم، سوپاکەی قەلاچۆ دەکەم و دەیچەوسێنمەوە.

بەمشێوەیە دەستەڵاتی یەکەم دایك لادراو خواوەندی‌نێرەی بەهێزو باڵادەست دەرکەوت. بونی (تیامات) لە ئەفسانەدا بونی مێینەیەکی نمونەیی ناو مێینەکانی ئەفسانە بەرجەستە دەکات. نمونەییەکەی لەوەدایە کە ناکۆکیەکانی نێوان مرۆڤی وەك توڕەبون و هەڵچون و سۆزو خۆشەویستی و دایکایەتی بەرجەستە دەکات. ئەم

بونه بەشێوه تەمومژاویەکه ناکۆکیو شەپۆلو کەشه زیانیەکانی ناکۆکیی بەسەردادێ، هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆسەرئەوژیانه نوێیە دروست دەکات کە مەردۆخ هەوڵ دەدات بەپێی تێڕوانینی نێرینەیی جیاوازی خۆی ڕێکیبخات. وەچەی خواوەنده لاوەکان دوو تاوانیان کردووه، هەردوکیان هێمای ئەو ململانە هەمیشەییەن کەلە پێناوی پلەو پایەی دەستەڵاتدا لە نێوان وەچەی باوانو ڕۆڵەکانو لە نێوان نێرینەییو

مێینەیی(مەردۆخو تیامات)دا هەیە(مەردۆخ) لە کۆتاییدا هەستی کردبوو کە (ئیبا)ی باوکی کەوتبوه هەڵەیەکی تەکتیکیەوە، ئەو کاتەی کە (ئابسو)ی کوشتبو، وازی لە(تیامات) هێنا بوو لەپاش ئەو کوشتنەوە خۆی بەتەنها لە دەستەڵات بەهرەمەند بێ. لەوانەبوو نوقڵانەی مەترسییەکی مێینەیی وا دروست بکات کەلەوانەبێ لە هەر چرکە ساتێکیداهاتودا بتەقێتەوە. مەردۆخ دەیزانی کە تیامات لەبەر سروشتی هەمیشە هەڵچوو،و نارێکی ئاوە سوێرەکان دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئارامی. بۆیە مەردۆخ بە کوشتنی (تیامات)و پارچە پارچە کردنی جەستەیو جیاکردنەوەی ئەندامەکانی، دەستەڵاتی خۆی چەسپاندوە، بەلام شتێکی بنەڕەتی لە کەسێتی خۆی لەدەستداوە چونکە دەبێ لەبەرامبەر بەدەستهێنانی کۆشكو دەستەڵاتدا زۆر لایەنی وەك وەفاو سۆزی دایكو کوڕیو بەزەییو خۆشەویستی لەدەستبدات.

نوسەری ئەم ئەفسانەیە، کە پیاوێکی بابلی بووه دوو مەسەلەی بنەڕەتی وروژاندووه:-

یەکەم :- تاوانبار کردنی تیاماتی دایك بە هەوڵی تێکشکاندنی ڕۆڵەکانی.

دووەم :- ترسی ڕۆڵەکان لە مانەوەی تیاماتی دایك بە زیندویی، کەلەوانەیە چەند خواوەندێکی نوێی لە مێردی دووەمی (کەنکۆ) ببێتو ئەو کاتە دەستەڵات لە چنگی ئەواندا دابنێ چونکە پلێتی چارەنوسەکان لای کەنکۆ بوە.

ئەمجا بۆ ئەوەی کوشتنی دووەم دابڕژن، ئەفسانەکە کۆمەڵێك سیفەتی ناڕەواوناشیرینی داوەتە پاڵ دایك کە وایان لێکردووه لە ئەژدیها بچێت، دەڵێن گوایە ئەو مەسخو مار خەلق دەکات بۆ ئەوەی سیستمی ژیانی ئەوان نەهێڵێو بشێوێنێ.

بیرۆکەی نوسەری ئەم داستانەش لەگەڵ ئەو گۆشە نیگا نێرینەییانەدا کۆکە، کە دەڵێ ژنانی کێوی هەبوون گۆشتی مرۆڤیان خواردووه، یان پیاویان فڕاندوە، کەچی ئەم دایکە، یەکەم ژنە لە دژی بیرۆکەی کوشتن وەستاوەو لایەنگری ژیان بووه، بەوەی پشتیوانی لێکردوە.

لەلایەکی ترەوە نوسەری ئەفسانەکە ویستویەتی بڵێت، ئەو یەکەم دایکەی کە ژیان دەبەخشێ، هەر ئەویش حوکمی مردن دەدات، لەبەر ئەوەی بۆ شەڕکردنی دژ بە کوڕەکانی مەسخو دڕندەکان دروست دەکات. ترسی ڕۆڵەکان(کوڕەکان) لە هەڵچونی دەریالوشە ئاویە تاریکەکەی کە(تیامات) نوێنەرێتی بەهانەی خۆیی هەبو، چونکە ئەو دەریالوشە دەتوانێت هەمو شتێك قوت بدات. بۆیە پێویست بو لەسەر مەردۆخ جەستەی تیامات هەڵدڕێو پارچە پارچەی بکات. بۆشاییەکی لەنێوان هەردو پارچەکەی جەستەیدا دروست کرد، ئەو بۆشاییە(عەدەم) دەنوێنێ، ئەمجا ناخی پڕکرد لە گڵ، بەمەش هەمو ئەگەرەکانی زیندوبونەوەی نەهێشت، ئیتر پاش ئەوە کەس قووت نادات.

ئەفسانەکە دەڵێ کە مەردۆخ جەستەی دایکەکەی هەڵدڕیوەو دەمارەکانی بڕیوەو خوێنەکەیی بەبای باکوردا ناردوەو ئەویش بەشوێنە نەناسراوەکاندا بڵاوی کردۆتەوە ئیتر کوڕوبراو باوکەکان کەوتونەتە گۆرانی وتنو خۆشیو ئاهەنگ گێڕان.

بەبۆچونی من ئەم دواین تێبینیەی سەرەوە پەنجە دەخاتە سەر ئەوەی کە هەموان لەسەر بڕینی دایکدا بەشدار بون، ئەو دایکەی کە دەستەڵاتێکی ئەزەلیی زاڵو هەڕەشەکار بۆسەر ئەوان دەنوێنێ کە هێشتا پیاوەتییان کامڵنەبوە.

کەوابێ ئەنجامی کوشتنی دایك بەپێی ئارەزویەکی گشتی، دەکاتە ئازادبونی ڕۆڵەکانو کامڵ بونی کەسێتییان، هەروەها ئەو کوشتنە سڕینەوەی ئامادەیی ترسناکی ژنە، ئەو ئامادەییەی کەشایەتی یەکەم تاوانی کوشتنی باوك بو، و کۆتایی هاتنی قۆناغیدەستەڵاتی دایکسالاریشە کە سەردەمێکی درێژی خایاندو پاشان بەوەرچەرخانێکی لۆژیکی بو بەچاخی دەستەڵاتی باوکسالاری.

دەستپێکردنی قۆناغی فەرمانڕەوایی مەردۆخی نێرینەیی باوکسالاری لەسەر بیرۆکەی چەسپاندنی سیستمێکی گەردونیی ڕونە کەلەسەر کۆمەڵە حسابو یاسایەکی دیاریکراو بەندەو لە میانەی ئەو فەرمانڕەواییەوە مرۆڤایەتی لە قۆناغی تەماهیکردنی بەرایی و سیحری لەگەڵ سروشتدا، دەرچو، دیارە ئەو تەماهیکردنە دیاردەیەکی جیاکەرەوەی کەلتوری دایکسالاریی تێکەڵ بە سروشتەو بەرەو قۆناغی ئەو رژێمە چو کەلە ڕێگەی توندو تیژیو ترسی دەستەڵاتی نێرینەیی خواوەندی بابلەوە سروشتو مێینەشی بەیەکەوە ڕام کرد.

هەر ئەو ئەفسانەیە دەڵێ :- پاش ئەوەی مەردۆخ خەلقکردنی گەردونی تەواو کرد، پایەی ئاسمانی بۆ خواوەندە مەزنەکان دروست کرد، بەمشێوەیە دەستەڵات لە باوەشی زەویو ئاووهەڵچونو کەشو ئارامیو، تەمومژی (سروشتی دایکایەتیەوە) بەرەو بەرزاییە نەبینراوەکان، بەرەو ئاسمانەکان وەرچەرخا.

دەستەڵات لە قوڵییەوە بەرەو بەرزی گوێزرایەوەو ئیتر کەس نەیتوانی دەستی پێبگەیەنێت یان تێکی بشکێنێتو بۆخۆیی ببات.

پوختەی ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە:- کەسێتی ئەفسانەیی(تیامات) وەك یەکەم دایك لە (قەسیدەی خەلیقەی بابلیدا) بەیەکگرتنی لەگەڵ (ئابسو)دا مرۆڤی هێنایە کایەوەو خواوەندە لاوەکانیان بو،بەچەند سەردەمێکیش قەسیدەکە دەستنیشانی نەکردوە،چەندە! تێگەیشتنی خواوەندە نوێو لاوەکان لە دەستەڵات پەرەی سەندو گۆڕا. ئەمجا ئەمان لەپێشچاوی (تیامات)ی دایە گەورە کە پشتیوانی لە بونو ژیانو بەردەوامییان دەکرد، یەکەم تاوانی کوشتنی (ئابسو)ی باوکیان ئەنجام دا.

بەڵام مانەوەی تیامات بە زیندویی لە پاش کوژرانی (ئابسو)ی مێردی، تیاماتی بە زیندویی لەبیرەوەریی ئەو وەچە بکوژانەدا هێشتەوە. بونی ئەو جارێك مایەی نیگەرانی بو، بۆیە بیریان لە سڕینەوەی بونی ئەویش کردەوە، بۆیە پێویستی کرد ئەم مێینەیە لەبیرو زەمەنی خۆیاندا نەهێڵن، بۆ ئەوەی سیستمی ژیانیان خۆش ببێ، کەواتە مەردۆخ دێ ئەم کردە خوێناویە ئەنجام دەداتو جەستەی پارچە پارچە دەکات بۆ ئەوەی ڕێگە لەبەر دەرکەوتنی جوگرافیای ڕاستەقینەی جیهاندا خۆش بکات، لە پارچەکانی لەشی دایکە ئەفسانەییەکە دروست ببێ. بەمشێوەیە قەسیدە داستانئامێزەکە باس لە دەرکەوتنی چیاکانو هەردو ڕوباری دیجلەو فوراتو گردو کانیەکانو هەوروبەفرو بارانو تەم دەکات کەلە جەستەی ئەم ژنە دروست بون، ئەم ژنە کە کۆمەڵگەی خواوەندە بابلییەکان لە پێناوی چەسپاندنی سیستمێکی درێژخایەندا بۆ گەردون، کردیان بە قوربانی. بەو کوشتنی دایکە شوێنەاوری تاوانە خوێناویەکەیان سڕییەوەو دایکە شایەتەکە کوژراو، لە ڕێگای لادانو دورخستنەوەی مێینەی یەکەمەوە ڕەوتی ڕوداوەکانو چارەنوسی مرۆیی گۆڕا.

وادیاره بەگەشتنی (مەردۆخ) بەدەستەڵات چاخی خواوەندە دایکەکان کۆتایی هاتوە، ئەگەر چی (عیشتار) لە خواوەندیی خۆیی بەردەوام بوە،و چاخی نێرینەیی و هێز دەستی پێکردوە کە کۆتاییەکانی چاخی بابلیو چاخی ئاشوریی پێدەناسرێتەوە

بابلیەکانیش لەگەڵ سەرەتای هەمو ساڵێکی نوێیاندا کە دەکەوێتە کۆتایی ئادارو سەرەتای نیسانەوە بۆ دوپاتکردنەوەی سەرکەوتنی بەها پیاوانەییەکانو سەروەریی نێرینەیی بەسەر گەردونداو بۆ نەمر کردنی مەردۆخ کەلە پارچەی جەستەی (تیامات)ی دایکی جیهانێکی ڕاستەقینەی بەمرۆڤ بەخشی، دێن (قەسیدەی خەلیقەی بابلی) پێشکەش دەکەنو پلێتەکانی دەخوێننەوە.

سەرچاوەکان

1-دراسة (الغرب والخوف من المرأة) مجلة دراسات عربية ديسمبر 1982 – جان ديلومو.

2-المعتقدات الدينينة في حضارة وادي الرافدين-تأليف رينيه لابات. ترجمة د.وليد الجادر والأب البير ابونا -1988 وزارة التعليم العالي والبحث العلمي .

3-معجم الأساطير- تأليف لطفي الخوري-الجزء الثاني 1990 دار الشؤون الثقافية العامة.

4-مغامرة العقل الأولي-فراس السواح -1985.

5-علم النص-جوليا كرستيفا-ترجمة فريد الزاهي 1991 دارتوبقال.

سەرچاوەی وەرگێڕان / دەقی وەرگێڕدراوی وتاری (جدلية الأنوثة في الأسطورة – لطيفة الدليمي- مجلة الأقلام-عدد (2) اذار ونيسان 2000-ص 72-79 )یە.